# بەڵێ با خەڵکی کوردستان خۆی چارەنووسی خۆی دیاربکات

شاخەوان شۆأش

وەک ئاشکرایە ئەم بارودۆخەی دوای ڕوخانی بەعس لەعێراقدا هاتووەتەدی گۆڕانێکی بنەڕەتی و بەرچاوی لەباشووری کوردستان و عێراق هێناوەتەدی. دیارە بانگاشەی دیموکراتیزەکردنەکەی ئەمەریکا لەناوچەکە بەگشتی و عێراق بەتایبەتی، گەلێ پرسیاری گرنگ و جۆراوجۆری هێناوەتەپێش، لەنێویاندا پرسیاری ئەوەی، لەبەرچی خەڵکی کوردستان بۆخۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی نەدات؟ دیارە جگەلەوەی سیستەمی دیموکراسیانە دژی ئەوەنییە خەڵک خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات، بەڵکو خەڵک ڕۆڵی دیارو کایریگەر لەهەموو بڕیارەکانی ستات و کۆمەڵگەدا دەبینێت، بەواتایەکی دیکە خەڵک خۆی خۆی بەڕێوەدەبات ئەوجا چ ناراستەوخۆ لەڕێگای نوێنەرانیەوە بێت یا ڕاستەوخۆ لەڕێگای بەشداری ڕاستەوخۆی خۆیدا بێت.

لای هەموو ڕۆشنبیرێکی کورد ئاشکرایە، نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژووی داگیرکردنی کوردستان لەلایەن نەتەوە بێگانەکانەوە، لەهیچ کات و سەردەمێکدا ئازادی پێرەوا نەبینراوەو ڕێگای نەدراوە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیدا بدات، بەواتایەکی دیکە هەر نەتەوەو دەسەڵاتی بێگانەو داگیرکەر بڕیاری لەسەر چارەنووسی خەڵکی ناوچەکەو چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کوردستان داوە. هێزە داگیرکەرو بێگانەکان چۆنیان ویستووە وایانکردووەو بڕیارداوە، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی ئابووری و ڕامیاری خۆیاندا. دوای کۆتایهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، وڵاتە براوەکان بەتایبەتی بەریتانیای گەورەو فەرەنسا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردو هەندێ ستاتی نوێیان لەناوچەکەدا لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی خۆیاندا دروستکرد. لەم دابەشکردن و ستات دروستکردنەدا کورد هیچی دەست نەکەوت و خاکەکەی بۆجاری دووەم ئەمجارەیان دابەشکرایە سەر پێنج ستات. واتە کورد دۆڕاوی گەورەی ئەنجامی پۆلیتیکی ئیمپریالیستانەی ئینگلیزو فەرەنسا بوو و هیچی پێرەوا نەبینرا. ئەمە جگەلەوەی هەموو هەوڵە ڕزگاریەکانی بەتوندی لەلایەن ستاتەداگیرکەرەکانی ناوچەکەو ئیمپریالیزمی بەریتانیاو فەرەنسا سەرکوتکرایەوە. وەک ئاشکرایە باشووری کوردستان بەبێ پرسی خەڵکی کوردستان بەعێراقی تازە دروستکراوەوە لکێنرا، بەمجۆرە خەڵکی ئەم بەشە وەک بەشەکانیتری کوردستان ناچاری ستەمترین تاقیکردنەوە کرانەوە. ئەو برە مافانەی کەلەرێکەوتنامەی لۆزانیش بەکورد ڕەوابینرابوو، هەمووی پێشێلکران و کەسیش خۆی لێنەکردنە خاوەن. ئەم ستاتانە هیچ یەکێکیان سڵیان لەپۆلیتیکی چەوسانەوەو توانەوەی ناسیۆنی کورد نەکردەوە و هەموو ڕێگایەکی نامرۆڤانەو دڕندانەیان بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی کورد تاقیکردەوە، بەواتایەکی دیکە ئەم ستاتە دروستکراوانە کرانە تاقیگەی توانەوەی کورد لەبۆتەی نەتەوەی داگیرکەری باڵادەستدا. ئەوەی ئیمپریالیزم و وڵاتانی داگیرکەری ناوچەکە لەژێرناوی یاساو سیستەمی ئەنتەرناسیونالدا یا ڕێکەوتنە ناوچەیی و جیهانیەکاندا بەسەر کورد و کوردستانیان هێنا یەکێکە لەم تاوانە زۆرگەورانەی کەبەرامبەر بەمرۆڤایەتی کراون.

بارودۆخی ئێستای عێراق و باشووری کوردستان لەسەرەتای دروستکردنی عێراق دەچێ و پلانی دارشتنەوەی ستاتی عێراق بەخەستی لەئارادایە. ئەم هەڵومەرجەی ئێستا باڵی بەسەر باشووری کوردستان و عێراقدا کێشاوە، بواری ئەوەی بۆ خەڵکی کوردستان ڕەخساندووە کەوا بپرسێ، لەبەرچی دەبێ دوای هەشتا ساڵ چەوساندنەوەو ژێردەستی، دوای هەشتا ساڵ پۆلیتیکی بەعەرەبکردن و پاکتاوی ڕەگەزی لەناو ستاتێکی نارەوا دروستکراوی ژێرکەوتوو، ناچاری ئەم دۆزەخە بکرێینەوە؟ لەبەرچی دەبێ بخرێینەوە ناو چوارچێوەی ئەم عێراقە ناشیرینە؟ کێ گرەنتی ئەوە دەدات کە تووشی هەمان کارەساتی ڕابردوو نابینەوە؟ کێ گرەنتی ئەوە دەدات کە ناسنامەی نەتەوایەتی و کوردستانی بوونمان نادۆڕێنین؟ بۆ وەک هەر نەتەوەیکیتر بۆ خۆمان چارەنووسی خۆمان دیارنەکەین؟ کورد وەک نەتەوە مافی ڕەوای خۆیەتی خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیدا بدات، سەرکردەکانی کورد بۆیان نییە خۆیان بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆیان مافی نەتەوەکەیان دیاربکەن و ئەوان شێوەی مافەکە بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێنن. ئەم بڕیاری فیدرالیزمەی لە سەرەتای نەوەتەکانەوە لەپەرلەمانی کوردستانەوە درا، جگە لەوەی کۆتێکی یاسایی بۆ ناسیۆنی کورد دادەڕێژێ و لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا نامۆیە، هەرگیز نەخرایە بەردەم ریفەراندۆمێک تاکو پشتگیری خەڵک بەدەست بێنێ. نوێنەرانی ئەوسا هەڵبژێردراوی پەرلەمان مافیان هەبوو لەناو پەرلەمان لەسەر فیدرالیزمەکە ڕێکەون، بەڵام مافی ئەویان نەبووەو نییە بەبێ پرسی خەڵکی کوردستان بیسەپێنن.

لەسیستەمی دیموکراسیانەدا یەکلاکردنەوەی کێشە نەتەوایەتی و چارەنووس سازەکان ناکرێ بەبێ پرسی خەڵک و ریفەراندۆم بسەپێنرێن و رەوایەتیان پێبدرێت. ئێستاش بەهەمان شێوە ئەم سیستەمی فیدرالیزمەی (کەتائێستا روون نییە چ جۆرە فیدرالیزمێکە) دەسەلاّتی کوردی بۆ عێراق پێشنیاری کردووە، لەلایەن خەڵکەوە هەڵوێستی لێوەرنەگیراوەو خەڵک هیچ قورساییەکی بۆ دانەنراوە، بۆیەش خەڵکی کوردستان بەرپرسی ئەم بریارە نییە. گەر پارتەکوردستانییەکان بانگاشەی سیستەمی دیموکراسیانە دەکەن، ناکرێ بەبێ پرسی خەڵک جۆرو چۆنیەتی ماف بۆ خەڵک دیاربکەن، دەبێ بەهاوکاری و پشتگیری خەڵک لەکێشە نەتەوایەتی و چارەنووس سازەکاندا هەنگاوبنێن.

ئەم پێشنیارو بانگەوازەی لەکوردستان و دەرەوە سەبارەت بەریفەراندۆم کراوە، هەنگاوێکی زۆر پیرۆزەو لەجێگای خۆیدایە. پێموایە لەسەر هەموو کوردستانییەکان پێویستە هەوڵی سەرکەوتنی بەباشترین شێوە بدەن.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت